ئەکادیمیای کوردی

KURDISH ACADEMY

# گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی

ژمارە (٦٠)     ٢٧٢٤ی کوردی     ٢٠٢٤ی زایینی

# گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی

ژمـــارە (٦٠)　　٢٧٢٤ی کـــوردی　　٢٠٢٤ی زایینـــی

سەرۆکی ئەکادیمیای کوردی و خاوەن ئیمتیازی گۆڤار

حەمەسەعید حەسەن کەریم

سەرنووسەر:

**پ.د. کاروان عومەر قادر**

بەڕێوەبەری نووسین:

**د. پەخشان فەهمی فەرحۆ**

دەستەی نووسەران:

- **پ.د. قەیس کاکل تۆفیق**
- **پ.د. موحسین ئەحمەد عومەر**
- **پ.د. بەختیار سەجادی**
- **پ.د. فەرهاد قادر تۆفیق**
- **پ.ی.د. عەبدلواحید ئیدریس شەریف**
- **پ.ی.د. نەوزاد ئەسوەد ئەحمەد**
- **د. لەزگین عەبدولڕەحمان ئەحمەد**

دەستەی ڕاویژکاران:-

- **پ.د. میشێل لیزەنبێرگ**
- **پ.د. مارتن ڤان برونسن**
- **پ.د. جەلیلی جەلیل**
- **پ.د. سالْح ئاکین**
- **پ.د. جەعفەر شەیخولئیسلامی**
- **پ.د. عەبدولڕەحمان ئەداك**
- **پ.د. هاشم ئەحمەد زادە**

http;//gov.krd/ka　　ISSN: 2520-4106　　**هەولێر - شەقامی هەڵەبجە**

# کاریگەریی شارستانیەتی خۆرهەڵاتی کۆن لەسەر ئایینی ناوچەی ئورارتو

دیدار عوسمان ڕەسول
زانکۆی زاخۆ/ کۆلیژی ئاداب/ بەشی مێژوو
didarothman86@gmail.com

پ.د عیماد عەبدولقادر مزووری
زانکۆی ڕاپەڕین/ کۆلێژی ئاداب/ بەشی مێژوو
imadabid75@gmail.com

**پوختە:**

ئایینی ئورارتو ئایینێکی فرەخواوەندە، خاوەنی ٧٩ خواوەندی سەرەکی بوون، ئەم شانشینە دوو پایتەختی هەبوو، یەکیان سیاسی، کە شاری (توشپا) واتە (وان)، ئەوەی تریان ئایینی، کە شاری (ئەردینی) واتە (موساسیر) بووە. بەگشتی ئەو توخمانەی ئایینەکانیان پێك دەهێنا بریتی بوون لە هۆکاری جوگرافی و مرۆیی. ئەم ئایینە بە پلەی یەکەم لە ژێر کاریگەریی شانشینەکانی دەوروبەریاندا بوون، کە لە بواری ئایینیدا خاوەنی مێژوویەکی دێرین بوون، لەوانە خورییەکان، هیتییەکان، ئێران و دۆڵی دوو ڕووبار، ئەم کاریگەرییەش لە خواوەندەکان و پەرستگاکان و ڕێوڕەسمە ئایینییەکان خۆی دەبینیەوە.

چەندین خواوەندی گرینگی ئورارتییەکان ڕەگەزەکەی بۆ میللەتانی تری ناوچەکە دەگەڕێتەوە، لەوانە هەر سێ خواوەندی سەرەکیی خالدی و تەیشەبا و شیوینی. ئەمە جگە لە خواوەندە لاوەکییەکانی تر وەك ئوا، هوبا، نالەینی...هتد.

لە کاتێکدا بوونی خواوەندەکان لە کایەی دەوڵەتدا پێگەیەکی تایبەت بەخۆی هەبوو، تێبینی ئەوە کراوە، کە هەندێ خواوەند هەبوون کە ناوەکانیان نادیارن و بە خواوەندە ناوخۆییەکان، یان ئەو توخمانەی پێشتر پیرۆز نەکراون دەستیان پێ کردووە، بەڵام بە تێپەربوونی کات شێوەی نەریتیان وەرگرتووە، بۆیە دەتوانرێت ئایینی ئورارتو وەک "(دیاردەیەکی زیندوو)" لە سەردەمی خۆیدا هەست پێ بکرێت. بەم شێوەیە دەکرێ بڵێین ئایینی ئورارتو ڕەنگدانەوەی گەشەسەندنی کولتووری و مێژوویی خودی و میللەتانی دەوروبەر بووە. بەپێی ڕەوتی ڕۆژگار بە بەردەوامی نوێ بوونەتەوە.

کلیلەوشە: ئورارتو، بیرباوەڕی ئورارتووەکان، ئایین، بیروباوەڕ، خۆرهەڵاتی کۆن، کوردی کۆن

## ١. پێشەکی

لە بنەڕەتدا ئایینی ئۆرارتو ئایینێکی فرەخواوەندە، واتە زیاد لە یەك خواوەندیان هەبووە، سەرەڕای پاراستنی نەریتە کۆنەکانی خۆیان، بەڵام داهێنانی ناوازەشیان لە بواری ئایینیدا کردووە، گرینگترینیان بۆ سەردەمی پاشا ئیشپوونی (٨٣٠-٨١٠) پ.ز دەگەڕێتەوە، کە بریتییە لە نەخشاندنی ناو و وێنەی سەرجەم خواوەندەکانی شانشینەکەیان لە قەدپاڵی لووتکەی شاخێکی بەردین، کە لە سەردەمی ئەمڕۆدا بە دەرگای میهری ناسراوە[1] (وێنەی ١)، نووسراوە هەڵکەندراوەکە دووجار دووبارە کراوەتەوە، ئاماژە بە ناوی ٧٩ خواوەند کراوە، کە مەزەندە دەکرێت ناوی سەرجەم خواوەندەکانی شانشینی ئورارتو بێت. سەرەڕای ئاماژەکردن بە جۆر و ژمارەی ئەو ئاژەڵانەی کە بۆ خواوەندەکان کراونەتە قوربانی (.A. Çilingiroğlu 1997 153-155; B. B Piotrovskii 1965, 37-40).



وێنەی ژمارە : ١ دەروازەی میهر(Sevin 2003, 196).

شانشینی ئورارتی وەك ئیمپراتۆریەتی ئاشووری هاوچەرخی و دەوڵەتانی باکووری سووریا و شارەکانی یۆنانی و ڕۆمەکان. زانیاریی زۆر لەسەر لایەنی بیروباوەڕی ئایینییان نییە، هەرچەندە هاوچەرخی ئەم نەتەوانەش بوون. بەهۆی ناتەواوی لە سەرچاوە نووسراوەکان و پێکهاتەی ئایینی شانشینی ئۆرارتی و خواوەندەکانیان، ئەمە جگە لەوەی کە زانیاریی زۆر لەسەر تایبەتمەندی و ئەفسانەکانیشان نییە. ئەمەش بۆتە هۆی ئەوەی کە لێکۆڵەرەوان زیاتر پشت بە لێکدانەوە و شیکارکردن ببەستن بۆ ئەو شوێنەوارانەی کە لە هەڵکۆڵینەکاندا دۆزراونەتەوە، بەمەش بابەتاکانی پەیوەست بە لایەنی ئایینی گفتوگۆی زیاتر هەڵدەگرن (Cömert 1980: 3-4).

جگە لەوەش ئەو زانیارییە جێماوانەی، کە لە لایەنی تەلارسازی ئۆرارتییەوە لەسەر ئەم پرسە لە ئەنجامی دروستکردنی پێکهاتەی ئایینی هاوشێوەی پەرستگا و شوێنە بەردینیەکان و نەریتی ناشتنی شانشینیەکەدا پێشکەش کراون، یارمەتیدەرێکی باشە بۆ تێگەیشتن لە ئایینی ئورارتو (Cömert 1980: 3-4).

لە هەڵکۆڵینەکانی ئورارتیدا کە تا ئەم کاتە ئەنجام دراون، زۆر کەم تابلۆی گڵین دۆزراونەتەوە. لەم تابلۆیە گڵینانەشی دۆزراونەتەوە کەمتر باسی پەیوەندیی نێوان خواوەند و پاشاکان و کاهین و خەڵکی کراوە، تەناتەت زانیاریی زۆر لەسەر ڕێوڕەسمی ئایینی لە پەرستگاکان، یان پیرۆزگاکاندا نەدۆزراونەتەوە. تەنها هەندێ نووسراوی بەردین کە بە مێخی ئۆرارتی نووسراون و لە ناوچە جیاوازەکانی دەوڵەتی ئورارتو دۆزراونەتەوە، بەڵکو زیاتر باس لە سەرکەوتنە سیاسییەکانی پاشاکان و چالاکییە بیناسازییەکان کراون، بەپێچەوانەوە پرسە ئایینییەکان لەناویاندا بە شێوەیەکی لاوەکی مامەڵەیان لەگەڵ کراوە (Çilingiroğlu 1997: 153).

ئایینی ئورارتو کە تایبەتمەندییەکی یەکگرتووی هەیە، وەک ئایینێکی دەوڵەت دەرکەوتووە، کە لە لایەن بنەماڵەی پاشایەتییەوە پەرستراوە، بە مانایەکی تر لە لایەن شانشینییەوە پشتگیری لێ کراوە.

هەڵبەتە نەریتەکانی پێش شانشین کاریگەرییان لە

---


١. کەوتۆتە نزیك شاری وانی ئەمرۆ، مێهر بە واتای "ڕووناککردنەوە" دێت. بەبۆچوونی هەندێ لە لێکۆڵەرەوان خودای خالدی لە تیشکێکی ڕووناکیدا لەم دەروازەیە دەردەچێت. جگە لەوەش لە نێو ئەفسانە جۆراوجۆرەکاندا. دەروازەی مێهر کە لە نێوان ساڵانی ٨٢٠-٨١٠ پ.ز لە سەردەمی پاشاکانی ئورارتی ئیشپوینی و مێنوای کوڕی بە ناوی خودای خالدی دروستکراوە. دەوری دەرگای چوارگۆشە کە بە ڕاستکردنەوەی ڕووبەری پێشەوەی بە وردبینییەکی زۆرەوە دروستکراوە، بە دوو چوارچێوە سنووردارە. 2.60 م. پان و 4 م. لە باڵادایە. ئەم دەروازەیە وەک دەروازەکانی تر بە پیرۆز دادەنرێت. لەسەر ڕووی ناوەوەی دەرگاکە نووسراوەیەکی مێخی کە لە ٤٧ دێڕ پێکهاتووە، کە وەک شووشە تەنك کراوە. وەک خۆپارێزییەک لە لەناوچوونی، دەقی ئەسڵی نوێکرایەوە و نووسراوەکە وەک خۆی لە ٩٤ دێڕ پێکهاتووە. لەم نووسراوەدا کە هەموو خوداوەندەکانی شانشینی ئورارتیان بە ڕوونی باسیان لێوەکراوە. سەرچاوە :

Kültür ve Turizm Envanteri III, Halk Kültürü I, Sayfa: 144

Meher Kapı Kaya Yazıtı"nın tam metni için bkz. (Payne, 2006, s.42-46).

سەرهەڵدانی ئایینی ئورارتیدا هەبووە، لەگەڵ ئەوەشدا ئامانجی سەرەکی دروستکردنی ئایینی ئورارتو لەلای پاشاکانیان بە پلەی یەکەم پاراستنی دەوڵەت و سنووری وڵات بووە. بەگوێرەی ئەو نووسراوانەی کە پاشاکانی ئورارتو بەجێیان هێشتووە، ڕێکخستنی ئەو خواوەندانەی کە بە چاکسازی و بەپێی پلەی گەورەیی خۆیان ڕیزبەندیان بۆ کردووە (Tarhan 1986: 301)

یەکەم دێری نووسراوەکانی ئورارتو بە ناونیشانێک بۆ خواوەندەکانیان دەست پێ دەکات، کە لە زۆربەی دەقەکان تایبەت بوون بە خواوەندی خالدی(وێنەی ژمارە ٢). ئەمەش دەرخەری ئەوەیە کە گەورەترین خواوەندی ئورارتییەکان بووە. جگە لەمەش لە زۆر دەقدا لەگەڵ خالدیدا باسی تەیشەبا و شیوینی کراوە. بەم شێوەیە خواوەندەکان بەگوێرەی گرینگی و بایەخیان بۆ دەوڵەت لە لووتکەی لیستەکانی ئورارتو دەردەکەون (Piotrovskii 1965: 37).



وێنەی ژمارە ٢: خواوەندی خالدی کە لەسەر پشتی شێرێك وەستاوە (Çilingiroğlu 1997: Çizi 37).

کەواتە بەشێوەیەکی گشتی سێ خواوەندی سەرەکی لەم شانشینە ریزبەندیان بۆ کراوە. لەوانە خالدی پلەی یەکەم، تەیشەبا پلەی دووەم و شیوینیش پلەی سێیەم ناویان هاتووە (Melikishvili 1965: 441).

لەمەوە تێ دەگەین، کە ئایین ڕۆڵی گرینگی لە ژیانی دانیشتووانی ئۆرارتو بینیوە، چ پادشاکان یا خەڵك بەگشتی زۆر هۆگر بە دروشمە ئایینیەکان بوونە، چەندین بۆنەی فەرمیان هەبووە، لە ڕێگای داتا شوێنەوارییەکانەوە دەزانرێت، کە چەندین جۆر لە ڕێوڕەسمیان بۆ خواوەندەکان و مردووەکانیان ساز کردووە. بۆ نموونە لە کاتی وەرزی دروێنەکردن مەراسیمی تایبەتیان هەبووە، بەهەمان شێوە لە کاتی دەرچوونی یەکە سەربازییەکان و سەرکەوتنیان بەسەر دوژمنەکانیان مەراسیمیان بەو بۆنەوە ساز کردووە. زنجیرەی ئەم ڕیوڕەسمانە قوربانیکردن بە ئاژەڵ و ئاهەنگێڕان بۆ خواوەندەکان بووە. زۆربەی ئەم بۆنانەش لە دەرگای میهر ئەنجام دراون (M. B. Baştürk 2003: 34-58).

### ٢. کاریگەریی میللەتان

ئایینی دەوڵەتی ئورارتو لەگەڵ ئایینەکانی ناوچەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست و دەوروبەریدا پەیوەندییەکی توندوتۆڵی هەبووە، لەم ئایینەدا لەپاڵ توخمە خۆماڵییەکان، هەروەها ئایینەکانی ناوچەی ئەنادۆڵ (خوری و هیتی)، ناوچەی وڵاتی دوو ڕووبار(ئاشوور و بابل) و تەنانەت زۆر جار توخمی ئایینە ئێرانییەکانیشی تێدا بەدی دەکرێت.

زانیاری سەبارەت بە ئایینی ناوچەی ئورارتو لە دوو سەرچاوەوە وەردەگرین. یەکەم سەرچاوە نووسینە مێخییەکان، دووەمیشیان وێنە هەڵکۆڵراوەکان و هونەری پەیکەرسازی (Piotrovsky 37 :1965).

لە ماوەی یەکگرتنی فیدراسۆنی هۆزەکان و کۆکردنەوەی حکومەتە خێڵەکییەکان بە دەستێک و کۆکردنەوەی خواوەندەکان بە دەستێکی تر لەگەڵ یەکتردا دەگونجا. بەم شێوەیە ڕیزبەندییەکی پلەبەندی بەدی دێت وەک لە شارستانیەتەکانی ئاشوور، ئیلام، بابل یان هیتیدا دەبینرێت کە سیستەمێکی لەم شێوەیە کە دادەمەزرێت، یەک دامەزراوەی فەرماندار و "خواوەندی سەرەکی" بەرهەم دەهێنێت کە بەڕێوەی دەبات.

هاوکات لە شانشینی ئورارتو دوای تەواوبوونی پرۆسەی دەوڵەتداری، دەبینرێت کە هەندێک خواوەند دەهێنرێنە پێشەوە بەپێی ئایدۆلۆجیای ئەو چینەی کە میکانیزمی بەڕێوەبردنی دەوڵەتیان بەدەستەوە بووە، کە ئەویش مەبەست لێی پاشاکانن. لە کاتێکدا خالدی، وەك خواوەندی سەرەکیی شانشینەکە قبوڵ دەکرێت، تەیشەبا و شیوینی بەدوایدا دێن. ناوی ئەم سێ خواوەندە لە

بەشــی ســەرەکی و لــە ســەرەتا و کۆتایــی نووسراوەکــەدا هاتــووە، کــە هەمــوو جارێــک پاشــاکانی ئورارتــو بەنــاوی ئەوانــەوە قوربانیــان پێشــکەش کــردووە(UKN I: 30).

خواوەنــدەکان لــە لیســتێکی فەرمیــدا کــۆ بوونەتــەوە، کــە بــە زۆری توخمــە یەکگرتووەکانــە لــە دەوڵەتــە خاکییــەکان یــان ئیمپراتۆریەتەکانــدا، کــە وا دەکات گەلانــی بیروبــاوەڕی ئایینــی جیــاواز پێکــەوە و لەژێــر ســایەی فەرمانــڕاوەکان شانشــینێکی نــوێ دامەزرێنــن (Pecorella-Salvini 1982: 7).

بــەم شــێوەیە پەیوەندیــی گەلانــی خــاوەن سیســتەمی بیروبــاوەڕی جیــاواز لەگــەڵ دەوڵــەت، بــە ســوود وەرگرتــن لــە تایبەتمەندیــی یەکگرتــووی ئاییــن بەهێزتــر دەبێــت (Dinçol 2002:1-3).

ئـەو خاڵـە گرنگـەی لێـرەدا دەمانەوێت ئاماژەی پـێ بدەیـن ڕەنگدانـەوەی خواوەنـدە ناوخۆییەکانی ناوچەکانە بۆ سیاسـەتی ئایینـی فەرمـی شانشـینی ئورارتـو، واتـە نـووسراوی دەرگای مێهر، ئـەو خواوەندانـەی ناوچەکانی باکوور کە لـە سـەردەمی شانشـینی هاوبەشـی ئیشـپوینی و مێنـوادا داگیـر کرابـوون، ئێسـتا بوونەتـە خواوەنـدی دەوڵەتـی ئورارتـو. بـەم شـێوەیە خواوەندەکانـی ئـەو خەڵکـەی کـە بـە سیاسـەتی گواسـتنەوەی دانیشـتووانی بەکۆمـەڵ لـەم ناوچەیـە ڕاگوێزرابـوون، چوونـە نـاو لیستی خواوەندەکانـی ئورارتـو و بـە جۆرێـک مانەوەیـان لـە ژێـر گەرەنتـی دەوڵەتـدا بـوون. ئـەم پراکتیزەیـە بنەمـای سیاسـەتی ئایینـی و کۆمەڵایەتـی گواسـتنەوەی دانیشـتووانی بەکۆمـەڵ پێـک دەهێنێـت، کـە لەلایـەن پاشـاکانی دیکـەوە ئەنجـام دراوە. هەنـدێ دۆزینـەوەی شـوێنەواری سـەلمێنەری ئـەم ڕاسـتییەیەن، بەتایبـەت ئـەو خواوەندانـەی لەسـەر قەڵغانێك کـە لـە قـەڵای ئەنـزاف دۆزراوەتەوە(وێنـەی ژمـارە ٣)، نـاو و هێمایـان هاوتەریبـە لەگـەڵ ڕیزبەندییەکـەی نـاو نـووسراوی دەرگای میهـردا کـە وێنـا کـراون. لـەم حاڵەتـەدا پێنج خواوەنـدی یەکـەم کـە لەسـەر قەڵغانەکـە وێنـا کـراون بریتیـن لـە خالـدی، تەیشـەبا و شـیوینی، هوتوینـی و تورانـی. دوای ئـەم خواوەندانـە، لـە ئەنجامـی هەژموونـی باکـووری خۆرهەڵاتـی وان و سیاسـەتەکانی گواسـتنەوەی دانیشـتووانی بەکۆمـەڵ لـەم ناوچەیـەدا، ئورارتـووەکا خواوەندەکانـی ئـوا و نالاینـی بـۆ زیـاد کـردووە(Grayson 1972: 527).



وێنــەی ژمــارە ٣: وردەکاریــی خواوەنـدەکانــی ئورارتــو کــە لەســەر قەڵغانــی برۆنــزی هەڵکەنــدراون (Belli 1999, Fig 17)

هەندێــک لــەو گەلانــەی کــە شانشــینی ئورارتییــان لــە هــەزارەی دووەمــی پێــش زاییــن پێــک دەهێنــا، کــە ئــەوان لــە نیــوەی دانیشــتووی وڵاتــدان، یــان لانــی کــەم دەســتیان بــە گواســتنەوە کــردووە بــۆ ژێــر ســایەی دەوڵەتــی ئورارتــو. لــە ســەدەی نۆیەمــی پ.ز دا، ســەرچاوە ئاشــوورییەکان بــاس لــە دەیــان شــار و تەنانــەت شــارە شــاهانییەکانی وەک (ســوگونیا و ئەرزاشــکون) کــردووە، بەتایبــەت لــە قۆناغــی ســەرەتاییدا، کــە هێشــتا شانشــینی ئورارتــو بــە تــەواوی پێــک نەهاتبــوو. دوای دامەزراندنــی شانشــینیش، جێــی مشــتومڕ نییــە سیاســەتی دەوڵەتــی ئورارتــی بایەخــی بــە شارســازی و شارنشــینی داوە. بــە لەبەرچاوگرتنــی ئــەو جوگرافیایــەی کــە شانشــینی ئورارتــو تێیــدا بڵاوبووەتــەوە، لــە شــوێنی خــۆی دەرناچێــت کــە گریمانــە بکەیــن جیاوازیــی بیروبــاوەڕی ئایینــی لــە نێــوان ئــەو کەســانەی کــە لەگــەڵ شــاخەکاندا تێکــەڵ بــوون و ئــەو بارودۆخــە ســەختەی ژیــان کــە چیــاکان هێنایانــە ئــاراوە و ئــەو کەسانەشــی کــە پەنایــان بــردووە بــۆ پاراســتنی شــارەکان. سروشــتییە دانیشــتووانی ئــەم ناوچانــە، لــە لایــەن فەرمانڕەواکانــی ئورارتییــەوە لــە هــەزاران ســاڵدا بنیــات نــراون، بــە بــەراورد بــەو خەڵکــەی لــە ژێــر بارودۆخێکــی ســەختی ژیانــدا لــە بەرزاییــە بەرزەکانــدا و لــە چیاکانــی خۆرهەڵاتــی ئەنــادۆڵ، ئێــران و قەفقــازدا ژیــاون،

داواکاریی ئایینیی جیاوازیان هەبووە. شارەکان لایەنێکی تری ئایینییان هەیە. واتە شارەکان خۆیان نوێنەرایەتی دەسەڵاتی شاهانە و دەسەڵاتی سیاسیان کردووە. قەڵا و شاریان کە لە ناوچە جیاوازەکانی وڵات دروست کردووە، بوونی دەسەڵاتی سیاسی بەسەر گەلانی ناوچەکەدا بەهێزتر کردووە، هەروەها گەرەنتی ئاسایشی ناوخۆ و ئاسایشی ئابووری و بازرگانی و ئاسایشی سنوورەکانیان کردووە، لێرە تێکەڵاوی بیروبیروباوەڕی گەلان لە ژێر چەتری دەسەڵاتی سیاسی ئورارتو سەرهەڵدەدات (Zimansky 1985: 33).

شارە دەست بەسەردا گیراوەکان بەو مانایەیە، کە پیشەکار و چینە بازرگانییە ناوخۆییەکان لەو شارانەدا دەژیان، ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ چوونەتە خزمەت شانشینی ئورارتووەکان. کاتێک هەموو ئەم داتایانە هەڵدەسەنگێنرێن، دەبینرێت کە فەرمانڕەواکانی ئورارتییەکان هیچ لاریان لەوە نەبووە هەردوو خواوەندی شارەکان لە جوگرافیای سەرەکیی خۆیاندا وەک توشپای پایتەخت زیاد بکەن، هەروەها زیادکردنی خواوەندەکانی شارەکانی وەك ئاردینی و قومێنۆ بۆ شانشینەکە و سنووری شانشینییەکە و خواوەندەکانی یەکە ئیدارییە ناوچەییەکان (وەک شاری نیشی لە ناوچەی بێرگی - مورادییە) بۆ پانتێۆن. هاوکات ئەو یەکە ئیداریانەی لە ناوچە دوورە دەستەکانی شانشینی دروستکرابوون، تایبەتمەندیی ئایینییان پێ درا و ئەم شارانە تایبەت بوون بە ناسراوترین خواوەندەکانی شانشینی وەک (ئۆدزا بێرد و کەرمیر-بلور). بێگومان ئەو خواوەندانەی لە شانشینی ئورارتیدا پیرۆز کراون، تەنیا بەو گروپ و ناوانەی سەرەوە سنووردار نین(Salvini 1995: 186.).

**گرینگترین ئەو شارستانیانەی کە ڕۆڵ و کاریگەریان لەسەر لایەنی ئایینی ئورارتییەکان جێ هێشتووە ئەمانەن:**

**٢,١ خورییەکان**

سیاسەتی دامەزراندنی یەکێتیی دەوڵەت لە نێوان کەسانی بە ڕەچەڵەک جۆراوجۆردا، ئامانجی خۆی پێکا. ئەویش بە تێکەڵکردنی بیروباوەڕ و خواوەندەکانی پێکهاتەکانی ناو شانشینەکە، بەتایبەت خەڵکی بە ڕەچەڵەک خورییەکان کە لە وڵاتی ئورارتو دەژیان. بەڵام لە سەرەتادا بەدامەزراوەییکردنی ئەم ئایینە دەوڵەتییە ڕاستەخۆ شێوەی خۆی وەرنەدەگرت، بەڵکو لە سەردەمی ئیشپوینیدا زیاتر جێگیر بوو(Çilingiroğlu 2010: 199).

پێدەچێت گەلانی پاشخانی کولتووری جیاواز (یان ڕەچەڵەکی میللەتان) سەرپەرشتیاری شانشینی ئورارتیان پێک هێنابێت. ئەو خواوەندانەی لە دەرگای میهردا هاتووە ئاماژە بەوە دەکەن کە بە لەبەرچاوگرتنی هاوپەیمانی هۆزەکانی ناو وڵاتی نایری داڕێژراوە. بۆیە نوێنەرایەتی خواوەندە ناوخۆییەکانی یەکە سیاسییەکانی بەشدار لەم هاوپەیمانییە دەکەن(Piotrovskii 1966:37; Salvini 1994: 205-207; Çilingiroğlu 1997: 162; Taffet-Yakar 1998: 44-46;).

لە کاتێکدا بوونی خواوەندەکانی خوری لە کایەی دەوڵەتدا پێگەیەکی تایبەت بەخۆی هەبوو، تێبینی ئەوە دەکرێت کە هەندێ خواوەند هەن کە ناوەکانیان نادیارن و بە خواوەندە ناوخۆییەکان، یان ئەو توخمانەی کە پێشتر پیرۆز نەکراون دەستیان پێ کردووە، بە تێپەربوونی کات شێوەی نەریتیان وەرگرتووە. بەڵام لە هەندێک حاڵەتدا، لە کاتێکدا لە هەندێک بابەتدا بەردەوام نوێ دەبێتەوە و گۆڕانکاری بەخۆییەوە دەبینێ. نموونەی سەرەتایی ئەمە دەتوانرێت لە خودی خواوەندی سەرەکیی خالدیدا بەدی بکرێت، کە بە ئاماژەدان بە سیفەتە مرۆییەکانی خۆی تیشک دەخاتە سەر دیاردەکانی بەزەیی، گەنجی، گەورەیی و پیری.

لەگەڵ ئەمەشدا سیستەمێکی بیروباوەڕی لەم جۆرە وەک ئاوێنەی مێژوویی و کولتووری دەوڵەتی ئورارتو وایە. بە تایبەتی بە ڕوونی جێگای سەرنجە کە پیرۆزەکانی

وەک تەیشەبا و هوبا و شیوینی لە نەریتی خورییەکانەوە هاتوون. هەر لەبەر ئەم هۆکارە دەکرێ بڵێین کۆمەڵگای خورییەکان و کۆمەڵگای ئورارتی ناوەڕۆکێکی ئەفسانەیی هاوبەشیان هەیە (Dinçol 1994: 9).

ئۆرارتییەکان کە بە پەیوەندی کولتووری لەگەڵ خورییەکان ناسراون، کولتوورێکی دیکەیان هەیە. پێکەوەبوونی خواوەندی زریانەکە (تەیسێبا) هاوسەری هوبا(بڕوانە وێنەی ژمارە 4و5)، هاوشێوەی خواوەندی خورییەکان هیپات و لێکچوونی شیوینی لەگەڵ خواوەندی خۆر شیمیگی کە لە خورییەکاندا بەرەکەتدار بووە، یان ئەوەی کە هەمان خواوەندە (Belli, 1982: 191).


هەرچەندە تێشوپ، لە لیستی پیرۆزییەکانی هیتییەکاندا هەبووە کە لە سەدەی 15 پ.ز کەوتە ژێر کاریگەری خورییەکان و لە ناوچەی یازیلکایادا لە سەری خواوەندەکاندا نیشان درا لە لیستی پیرۆزی هیتی-خوریدا، هاوسەری ئەم خواوەندە هێپاتە کە لەگەڵ تێشوپ لە حەلەب، ساموا، ئودا، هورمە، ئەپزیشنا و قوممانی پێکەوە دەپەرسترا (Gurney 2001: 116).

لەو خواوەندانەی کە لای خورییەکانەوە سەرچاوەیان گرتووە لە دواتر بۆ ئورارتییەکان گوێزراونەتەوە چەند خواوەندێکی گرینگن، لەوانە خواوەند Teishup/تەئیشوپ وەک سەرۆکی کۆمەڵەی خواوەندەکانی گەلی خوری و دانیشتووانی کۆنی ناوچەکە، هەرچەندە لەسەرەتادا کاریگەری بە سەر ئورارتییەکاندا بە جێ نەهێشت بوو، بەڵام لە سەردەمەکانی دواتردا پێگەی ئەم خواوەندە جێگر دەبێ. لەگەڵ ئەوەشدا نابێ ئەو خاڵە فەرامۆش بکەین کە بیروباوەڕە ئاینییەکانی پێش شانشینی ئورارتوو بە ئەگەرێکی زۆرەوە بە سروشت، ڕووداوە سروشتییەکان و بەپیت و بەرەکەتەوە پەیوەست بوون(1982: 193 Belli). بەڵام لەسەردەمانی دواتر ئەم خواوەندە لای ئوراتییەکان پیرۆز دەکرێت و بەتێپەربوونی کات دەچێتە قاڵبی خواوەندە ڕەسمییەکانی دەوڵەت، لەگەڵ ئەوەشدا خواوەندەکانی گەلی خوری تێکەڵەیەك بوون لە ئاوێتەبوونی مرۆڤ لەگەڵ چەندین جۆری ئاژەڵ و پەلەوەر، بەتایبەت لە سەردەمی شانشینیدا وێنەی ئاژەڵەکانی وەک (شێر، گامێش، داڵ، مار، ئەسپ) و زۆرێک تر بوونەوەرە خەیاڵییەکانی پەیوەندیدار بە خواوەندەکان لە نێوان زۆربەی دەرەبەگەکاندا لەو جۆر ئاژەڵانە بوون کە بە بەرز و پیرۆز ڕاگیرا بوون (2003: 223Sevin).

پێکهاتە ڕەسەنەکان لە کاتی دروستکردنی کوڕی خواوەندەکان و هەندێک تایبەتمەندی خواوەندەکان و ئاوارەبوون و گۆڕینی ناسنامە لێرەدا جێگەیەکی گرنگ دەگرن. تەیشەبا کە ناسراوە بە سەرچاوەی خۆی لە خورییەکان وەرگرتووە، لە ڕیزی دووەمی لیستەکەدا دێت.

بەپێی نووسراوی دەرگای میهر، ڕوونە کە تەیشەبا ٦ گا و ١٢ مەڕی بۆ دەکرێتە قوربانی، هاوتای تەشوپی خورییەکانە کە لە پانتێۆنی هیتییەکانیشدا هاتووە. تێشوپ هێمای ئاسمان و ڕەشەبا لە پانتێۆنی خوری-هیتییەکان نوێنەرایەتی دەکرد. چونکە لە کۆمەڵگاکانی خۆرهەڵاتی نزیکدا وەک یاسایەک وایە کە خواوەندەکانی پەیوەست بە ئاسمانەوە هەمیشە لە سەرووی لیستەکەدان. بەڵام کاتێک سەیری باری ئاینی لای ئورارتو دەکەین، دۆخەکە تا ڕادەیەک جیاوازە. لێرەدا ئەو خواوەندانەی شانازی بە جەنگاوەرەکانیانەوە دەکەن، زیاتر پێشوازیان لێ کراوە. هەر لەبەر ئەمە گەورەیی تەیشەبا لە جەنگاوەر بوونەوە سەرچاوە دەگرێت نەک زاڵبوون بەسەر ئاسماندا. لە ڕیزی ٣٧ی نووسراوی دەرگای میهر دا، "سوپاکانی تەیشەبا" فەرمانی سەربڕینی ٢ گا و ٤ مەڕی بۆ دراوە. لە ڕیزی ژمارە ٤٧ یش بەهەمان شێوە "دەروازەکانی شاری ئێریدیا"ی فەرمانی سەربڕینی ١گا و ٢ مەڕ بۆ دراوە. تایبەتمەندییە سەرەکییەکانی تێشوپ ئەوەیە کە جگە لە وێرانکەر، خودای زریان و ئاسمان و ڕەشەبایە (Tarhan 1978: 58).

هەرچەندە بە گوێرەی لێکۆڵەر بێ. پیۆترۆڤسکی کە دەڵێت: کە خواوەندەکە (واتە تەیشەبا) لە دەروازەی تەیشەبا لە ئێریدیا سیفەتێکی جەنگاوەری هەبووە نەك ئاسمانی و زریان (Piotrovskii 1966: 43).



وێنەی ژمارە ٤: خواوەند تەیشەبا
(Burney – Lawson 1958: Resim 2)



وێنەی ژمارە ٥: خواوەندەکانی شاخ تەیشوپ و هیپای هاوسەری نیشان دەدا (Akurgal 2000: Resim 65

تەیشەبا، کە بە ئایدیۆگرامی خواوەندی زریانی ئاشووری ئاداد لە نووسراوی دەرگای میهر و دەقە مێخییەکانی دیکەدا نووسراوە(Piotrovskii 1966: 43). هەروەها پاشاکانی ئۆرارتوییش وەک خواوەندی سەرەکیی خۆیان شاریان بۆ تەیشەبا دامەزراندووە. باشترین نموونەی ئەمەش. شاری تەیشەبایە کە لە لایەن ڕوسای دووەم دروست کراوە (Salvini, 2006: 198).

خواوەند تەیشەبا بەزۆری وەک مرۆڤێک وێنا کراوە کە لەسەر گایەک وەستاوە(وێنەی ژمارە ٤). ئەمەش بەڕێککەوت نییە. هاوکات گا کە ئاژەڵە پیرۆزەکەی خواوەندی زریانی خوری و هیتی تێشوپە، دەگەڕێتەوە بۆ خواوەندی ئورارتو تەیشەبا. هاوسەری تەیشەبا خواوەندی هوبایە کە هاوتای خواوەندی خورییەکان هێپاتە. (Macqeen 2001: 140-141).

تەیشەبا کە خواوەندی هاوبەشی گەلانی پرۆتۆ خوری-ئۆرارتۆ بووە، کە لە نیوەی دووەمی هەزارەی یەکەمی پ.ز. لە سێیەم ساڵەوە دەستی بە بڵاوبوونەوە لە ناوچەکەدا کرد و لە ناوچەیەکی زۆر فراواندا بەرەکەتی پێ بەخشرا. هاوکات پێدەچێت تەیشەبا خواوەندی گەلانی حەوزی دەریاچەی وانیش بووبێت، وەک خواوەندی شەڕ و زریانەکان، وەک چۆن لە زۆربەی ناوچەی ئاسیا لە هەزارەی دووەمی پێش زاییندا بووە - تێشوپ لە ئەنادۆڵ، ئێنلیل و ئەداد لە میسۆپۆتامیا. بەڵام ئەم دۆخە بە ئاگادارییەوە لەگەڵ شانشینی ئۆرارتیدا دەگۆڕێت.

یەکێکی تر لەو خواوەندانەی کە بنەچەی بۆ خورییەکان دەگەڕێتەوە هوبایە، لە پلەی ٦٥ی دەروازەی میهر هاتووە (Salvini 2006: 200.)، ئەم خواوەندە مانای باوکی بەخشیووە، لێکۆڵەرەوان ڕەگی ئەم خواوەندەش بۆ خورییەکان دەگەڕێنەوە، چونکە شاری پیرۆزی خورییەکان تەسوپە بووە (Salvini 2006: 49).

هەر ئەم لینکی پەیوەندیەش وای کردووە مێژوونووسان ئەم دوو خواوەندەیان بە ژن و مێردی یەکتر لێکداوەتەوە، کە تێشوپ و هاوسەرەکەی هێپات بن بەهەمان شێوە لە لیستی ناوی خواوەندە خورییەکان ئامادەییان هەبووە (Benedict W.C. 1960: 103; Piotrovskii 1966: 43).

خواوەند هوبا لە ژێر ناوی خواوەند ئاروبانی هاوسەری خواوەندی سەرەکیی خالدی هاتووە و مانگا و مەڕێکی بۆ کراوەتە قوربانی. هاوکات پلەی سێیەمی لیستی دەرگای میهر بۆ شیوینی خاوەندەکانی ئورارتو تەرخان کراوە(وێنەی ژمارە6)، خواوەندی خۆر شیوینی لە دوای خالدی و تەیشەبا دێت لە نووسراوی دەرگای میهر (Belli, 1998a: 48 ; UKN: no.28).

فەرمان کراوە کە ٤ گا و ٨ مەڕ بکرێتە قوربانی. خودا شیوینی بە هێماکانی میسماری خواوەندی خۆری ئاشووری شەماش نووسراوە هەر وەک لە ئاشووردا و گوزارشت لە خۆر دەکات (Piotrovskii 1966: 43).



وێنـەی ژمـارە ٦: خواوەنـدی ڕۆژ (شـیوینی) لەسـەر پشـتی گایـەك وەسـتاوە، کـە لەسـەر قەڵغانەکـەی ئەنزافـی سـەروو نەخشـێنراوە (Belli 1998, 49. Çizim 20)

لـە ڕووی زاراوەوە، زیاتـر ناوەکـەی بـۆ زمانـی هیتیـەکان دەگەڕێتــەوە، کــە خــۆی لــە خواوەنــدی ڕۆژ دەبینێتــەوە. بەگوێـرەی لیسـتی ناوەکانـی نەخشـێنراوی دەرگای میهـر بێـت لـە دوای هـەردوو خواوەنـد خالـدی و تەیشـەبا هاتـووە، بـەڵام هەنـدێ بۆچوونـی تـر وای بـۆ دەچـن کـە خواوەنـد شـیوینی لەگـەڵ خواوەنـد شـیمگینی، خواوەنـدی خورییـەکان هەمـان شـتن، ئەمـەش بەهـۆی تێکەڵـی و نزیکـی ناسـنامەی ڕەگـەزی و ئایینــی ئــەم دوو میللەتەویــە، خــوای خــۆر شــیوینی کــە لــە ڕیــزی ســێیەمی لیســتەکەدا دێــت، هاوشــێوەکەی خواوەنـد Shimigin/شـیمگینی خورییەکانـە. ئـەم خواوەنـدە لــە هونــەری وێنــە هەڵکۆڵراوەکانــی ئورارتییەکانــدا بــە شـێوەیەکی گشـتی لـە نێـو بازنـەی بەڵـداری خـۆردا وێنـە کــراوە. بــۆ خواوەنــدی خــۆر شــیوینی دەستنیشــان کــراوە کـە دەبـێ لـە پێناویـدا ٤ گا و ٨ مـەڕ قوربانـی بکرێـت(:1998 33Belli196; Reimschneider1963: 166; Çilingiroğlu 1994: (25; Salvini 2006:.

بەهەمـان شـێوە هاوتـای شـیمیگی، خواوەنـدی خـۆر لـە لیسـتی نـاوی خواکانـی خورییەکانـدا هاتـووە (Çilingiroğlu (1994: 25; Salvini 2006: 48-49.

لـە ڕیـزی ١٤١دا، دوای کومێنـۆ، شـاری تەیشـەبا، نووسرابـوو فەرمـان کـراوە 1 گا و ٢ مـەڕ سـەر ببڕدرێـن بـۆ "خواوەنـدی شـاری توسـپا"، شـاری پیـرۆزی شیوینی و هاوسـەرەکەی توشـپیا. ئـەوەی کـە ئـەم شـارە پیـرۆزەی شـیوینی و هاوسـەرەکەی بـە یەکـتر دەبەسـتێتەوە، لەسـەر بنەمـای لێکچوونـی ناوەکـە لەگـەڵ خواوەنـدی توشـپای خورییەکانـە. هەمـان نزیکـی "بـۆ دەروازەکانـی شـیوینی شـاری ئویشـینی" لـە ڕیـزی 48ی نـووسراوی دەرگای مێهـردا هاتـووە. فەرمانـی سـەربڕینی 1 گا و 2 مـەڕی بـۆ کـراوە. هـەر لەبـەر ئـەم هـۆکارەش ڕەنگـە ئـەم شـارە وەک ئـەو شـوێنە لێـك دەدرێتـەوە کـە شـیوینی تێیـدا پیـرۆز کـراوە (.43 :Piotrovskii 1966 ;445 :MelikiŞvili 1965).

### ٢,٢ ئێران

سـەردەمی شانشـینی هاوبەشـی مێنـوا و ئیشـپونیدا، جگـە لـە گەشـتەکانی باکـوور، گەشـتەکانی بـۆ هەرێمـی ئێرانیـش ڕێــک خســتووە و بــەرەو وڵاتــی بارســوای هەنگاویــان نـاوە. لـە کاتـی ئـەو گەشـتانەی کـە بـۆ ئـەم ناوچەیـە ڕێـک خرابـوو، دوای زاڵبـوون بەسـەر هێـزە ڕکابەرەکانیـان، دواتـر، ئــەو کەســانەی لــە ناوچەکــەدا دەژیــان، بــە سیاســەتەکانی گواســتنەوەی دانیشــتووانی بەکۆمــەڵ دیــاری دەکــران. شــوێنەواری ئــەو سیاســەتەی کــە لەســەر ئــەم ناوچەیــە جێبەجــێ کــراوە لــە هونــەری ئورارتیــدا ڕەنگــی داوەتــەوە، وەک لـە خواوەندەکانـی دەشـتی مورادییـە. خواوەندەکانـی تـری وەك شـەبوتی و ئارسـیمەلە نـاسراو بـە خواوەندەکانـی هەرێمـــی ورمـــێ (.206: Salvini 1994).

بێگومــان خواوەندەکانــی ئۆرارتییــەکان تەنیــا لــەم ٧٩ خواوەنـدەدا سـنووردار نەبـوو کـە لـە سـاڵانی دامەزراندنـی شانشــینیەکەدا ڕاگەیەندرابــوون. خواوەنــدە نوێیــەکان کــە خواوەنــدی ئــەو میرنشــین و شانشــینانە بــوون کــە گەشــەی سیاســی و ســەربازی شانشــینی زاڵ بــوون، لەلایـەن خۆیانـەوە پارێزگاریـان لـێ کـردوون. هەرچەنـدە شانشـینی ئورارتــو دەســتوەردانی لــە بیروبــاوەڕی ئــەم خەڵکــەدا نەکــرد و تەنانــەت پارێــزگاری لــە بیروباوەڕیــان کــردووە. بــۆ ئــەوەی دڵنیابێــت لــەوەی خەڵکــی ئــەو ناوچانــەی کــە لەکاتــی گەشــتەکانی باکــوور و خۆرهــەڵات و خۆرئــاوادا و پاراسـتوویانە لـەو ماوەیـەی کـە (ئیشـپوینی810/828پ.ز) و (مێنـوا785/810پ.ز) پێکـەوە حوکمڕانییـان دەکـرد، هەنـدێ هەڵمەتیـان بـۆ باکـوور ڕێـک خسـت لـە گەشـتەکانیدا دواوی

سیاسـەتی گواسـتنەوەی دانیشـتوانی بەکۆمەڵیـان دەکـرد. ئـەو ناوچەیـەی کـە گەشـتەکانی باکـووری تێـدا ڕێکخـراوە بـە گشـتی وەک زەوییەکانـی خۆرئـاوای گۆلـی گۆکچـە دیـاری دەکرێـت.

هـاوکات لەگـەڵ ئـەو گەشـتانەی کـە بـەرەو ئـەو ناوچانـە ڕێکـخ رابـوو کـە هۆزەکانـی ئاناشـێ، ئویتێروهـی، لوشـا و کاتـارزا تێـدا نیشـتەجێ بـوون، ئـەو ناوچەیـەی کـە لـە قەرەکۆسـێوە تـا چیـای ئـارارات بـڵاو بـووەوە، کەوتـە سـنوورەکانی ئورارتـو (Çilingiroğlu 1997: 30).

بـۆ ئـەوەی ئـەم نەریتـە کولتوورییـە جیـاوازە بـە یەکـترەوە ببەسـترێتەوە، پێویسـتە پـاڵ بـەو بەڵگانـە بنێیـن کـە کاریگـەری هـەردوو ناوچـەی جوگرافـی و ئێـران و میسـۆپۆتامیا تـا چ ڕادەیەکـە کـە لـە نێـوان ئـەو دوو کولتـوورەوە پێـمان دراوە.

لـە ئەنجامـی ئـەو گەشـتانەدا، پاشـاکانی ئورارتـو باڵادەسـتی تەواویـان لـە دەشـتی موراديیـە بەدەسـت هێنـا. شانشـینی ئورارتـی خواوەنـدە ناوخۆییەکانـی لـەو ناوچانـەدا پیـرۆز دەکـرد، کـە هاوتەریـب لەگـەڵ ئـەو هەڵمەتانـەی ڕێکیـان خسـتبوو وەرگیرابـوون و ئەوانـی خسـتە نێـو ئـەو پەرسـتگایانەی کـە دروسـتی کردبـوو، ئـوا (وێنـەی ژمـارە ٧) خواوەنـدی ناوخۆیـی هەرێمـی موراديیـە لـە باکـووری خۆرهەڵاتـی هەرێمـی وان، لـە نـووسراوی دەرگای میهـردا پلـەی شەشـەمی هەیـە. داواکـراوە ٢ گا و ٤ مـەڕ بـۆ ئـەم خواوەنـدە بکرێتـە قوربانـی. بەهەمـان شـێوە لـەو ناوچەیـەدا خـودای نالەینی(وێنـەی ژمـارە٨)، کـە لـە نـووسراوی دەرگای میهـردا لـە ڕیـزی ٧دایـە و داوایـان لـێ کـراوە ٢ گا و ٤ مـەڕ بکاتـە قوربانـی کـە هەردووکیـان ڕەچەڵـەك و بنچینەیـان بـۆ هەرێمەکانـی ئورمیـە و ئێـران دەگەڕێتـەوە(Salvini 1993: 547, Salvini 1994: 206).



وێنەی ژمارە ٧: خواوەند ئوا(Belli 1998, 57)



وێنەی ژمارە ٨: خواوەند نالائینی (Belli 1998, 59)

باردۆخـی ئایینـی لـە سـەردەمی پاشـا ئیشـپوینی دوای هاتنـە سـەر تەختـی ئورارتـو گۆڕانکاریـی زیاتـری بـە خۆیـەوە دیـت، ئەویـش لەنـاکاو کارەکتـەری خالـدی لـە ئایینـی ئورارتـودا بـووە خواوەنـدی سـەرەکی. ئەمـەش بەڵگـەی دەرخـەری گەشەسـاندنی ئایینـی ئورارتـو پـەرەی سـاندوە. بەجۆرێکـی تـر تـا سـەردەمی سـەردوری لـە نووسراوەکانـدا سـەر بـە پاشـادا ئامـاژەی ئایینـی و نـاوی خواوەنـدەکان نەخراوەتـە ڕوو(Payne 2006: 17-20.).

ئیرموسـینی (وێنـەی ژمـارە ٩) کـە لـە لیسـتی خواوەندەکانـی ئۆرارتیـدا لـە پلـەی ١٩دایـە و ئـەو پەرسـتگایەی کـە بـە نـاوی ئـەوەوە دروسـت کـراوە دەتوانرێـت لـە پێوەنـدی لەگـەڵ سیاسـەتی گواسـتنەوەی دانیشـتووانی بەکۆمەڵـدا هەڵسـەنگێنرێت کـە لـە لایـەن شانشـینی ئۆرارتییـەوە جێبەجـێ کـراوە.

لە قەڵای چاوشتەپە دوو پەرستگا هەن، کە سەردوری دووەم دروستی کردووە، یەکێکیان بۆ خودا خالدی و ئەوی دیکەیان بۆ خودا ئیرموسینی کە لە ڕیزی ١٩ی لیستی خواوەندەکانی دەرگای میهردایە(Çilingiroğlu 1997: 67).پەرستگای ئیرموسینی دەکەوێتە قەڵای خوارەوە. بۆ خودایەک کە بتوانێت شوێنێکی زۆر نزم لە لیستی دەرگای میهردا بدۆزێتەوە، دووەم. جێگای سەرنجە کە پەرستگاکە لەلایەن سەردوریەوە دروست کراوە. خواوەندی ئیرموسینی کە لە لیستی دەرگای میهردا داوای لێکرابوو کە ڕەشەوڵاخێك و دوو مەڕ بکاتە قوربانی، ڕەنگە هەر خواوەندی ڕیار بێت کە لە تۆمارەکانی هێرشی پاشای ئاشوری هەشتەمی (سەرگۆنی دووەم ٧٠٥/٧٤١ پ.ز)دا ئاماژەی پێ کراوە(Çilingiroğlu 1997: 161). ڕیار یەکێکە لەو شارانەی دەکەوێتە نێوان دەریاچەی وان و باکووری خۆرئاوای ئێران(Çilingiroğlu 1994: 95-96). ئەم شارە لە تۆمارەکانی گەشتی هەشتەمی سەرگۆنیشدا ئاماژەی پێ کراوە "... و من هاتە ڕیار، شاری ئیشتاردوری...".(LAR II: 165).




وێنەی ژمارە ٩: خواوەند ئیرموسینی

لە لایەکی دیکەوە ئەگەر بمانەوێت بەدواداچوونی زیاتر دڵنیای بۆ بنەچینەی ئەم خواوەندانە بکەین، ئەوە زیاتر لۆجیکی ترە کە لە ئێراندا بەدوای بەڵگەدا بگەڕێین. تەنانەت ئەم کاریگەرییە لە ڕووی بیناسازییەوە ڕەنگی داوتەوە لەبەر ئەوە نابێ بە ڕێککەوت بێت کە دروستکردنی هەندێ جۆر لە کۆشکی بەردین لە وڵاتی ئورارتیدا سەلمێنەری ئەم خاڵەیە. لەوانە بینا ئایینییەکانی سەردەمی ئیشپوینی کە یەکەم پەیوەندیی لەگەڵ ئێران بونیاد ناوە. لە نیشتەجێبوونی حەسەنلو لە باشووری گۆلی ورمێ، "بینا سووتاوی دووەم" (وێنەی ژمارە ١٠) لە ئاستی بیناکەدا مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی نۆیەمی پ.ز ڕەنگی داوەتەوە(Dyson 1965: 197). جێگای سەرنجە کە دەرگای ژوورە بە ٣ چوارچێوە دروست کراوە، وەک لە نیچەکانی دەرگای میهیر و یەشیلالیچدا بەدی کراوە تا. ژوورێکی چوارگۆشە بە ناوی «ژووری پیرۆز» لە تەواوی بیناکەدا کە مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی١٠٠٠-٨٠٠ ساڵ پ.ز. دەرگای چوونە ژوورەوە بەم شێوەیە ئەو بیرۆکەیە دەهێنێتە بەرچاو کە ڕەنگە سەرچاوەی نەریتی دروستکردنی شوێنی تایبەت بە ٣ چوارچێوە لە نەریتی هونەری بیناسازی ووڵاتی ئێران بێت. لە ڕاستیدا ٣ کۆشکی چوارچێوەدار لە دیواری ژوورێکدا، لەنێو بینا سەدەی نۆیەمی ٩ پ.ز هاوشێوەی بینا ئایینییەکانی وڵاتی ئێرانە (Dyson 1960: 5, 10.).

بە شێوەیەکی سەرسوڕهێنەر لە شوێنی دەرگای میهر و یەشیلالیچ دەچێت. زانراوە کە ئەم جۆرە شوێنەوارانە لە سەردەمی ئۆراتووەوە لە میسۆپۆتامیا بە دانانی پەیکەر لە پەرستنی ناوماڵدا بەکار دەهێنرێن.

ئەم توخمە تەلارسازییە لە حەسەنلوودا بە هۆی هەڵکەندنەکەیەوە مێژووەکەی بۆ ئورارتو نەنووسراوە. کەواتە دەبێت سەر بە قۆناغی پێش لەشکرکێشی ئورارتییەکان بێت. بۆیە دادپەروەرانە دەبێت بڵێین کە شوێنێکی لەو شێوەیە پەیوەندی بە پراکتیکی کەلتە ناوخۆییەکانی ئێرانەوە هەیە.

تەنانەت ئەگەر وا بیر بکرێتەوە، کە دروستکردنی کۆشکی وردە وردە وەک نەریتێک ڕەنگە لەسەر بنەمای ئێران بێت، پێدەچێت تایبەت بێت بە ئورارتو کە ناوی خواوەندەکان، خواوەندەکان، لیستی قوربانیدان و ئەو ڕێوڕەسمانەی کە دەبێ ئەنجام بدرێن لە ڕێگەی ئەم کۆشکانە بە دروستکردنی ٣ شوێنی قات لەسەر بەردەکان ڕادەگەیەنرێن(Batmaz 2009: 66).



وێنەی ژمارە ١٠: نموونەی کۆشکێکی چوارچێوەدار لە ناوچەی حەسەنلو کە مێژووەکەی بۆ سەدەی ٩ پ.ز دەگەڕێتەوە(Dyson 1960: 5-10).

بەو ڕاستییە لێک دەدرێتەوە کە شەبیتو خواوەندێکی خەڵکی ورمێیە و هەر بۆیەش بە شێوەیەکی جیاواز وێنە کراوە. خواوەندێکی دیکەی هەرێمی ورمێ کە لە سەر هەمان قەڵغان وێنا کراوە، ئارسیمێلە. ئەم خواوەندە وێنا کراوە کە لەسەر ئەژدیهایەکی باڵدار وەستاوە. لە کاتێکدا خواوەند بە دەستی چەپی قەڵغانێکی هاوشێوەی گرتووە، بە دەستی ڕاستی چەقۆیەکی هەیە کە نزیکە چوارگۆشە بێت(Belli 1998: 63).

پەیوەندییە ئاینییەکانی نێوان ئێران و ئورارتو تەنیا لەمانەدا سنووردار نییە، زۆر زیاتر ڕەگ و ڕیشەیان هەیە و ڕەهەندێکیان هەیە کە پەیوەندی بە دەسەڵات و ڕەوایەتی دەوڵەتەوە هەیە.

سێیەری خواوەندەکان لە لیستی دەرگای میهردا سەرنج ڕادەکێشێت. خواوەند لە سێ ڕیزی یەکەمدا لە پێگەی خواوەندە و ژنەکەی لە ڕیزی یەکەمدایە(MelikiŞvili 1965: 441).

جەنگاوەری خالدی بە ڕوونی لە هەموو نووسراوەکانەوە ئاماژەی بۆ کراوە، لەوە تێدەگەین ڕەنگە ئەمە بۆ شانشینی ئورارتو و خواوەندە ناوازە و نادیارەکەی خالدی، بە شتێکی ئاسایی هەژمار بکرێت. لە لایەکی دیکەوە خواوەندی زریان تێسوپ کە مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی هیتییەکان، دەستبەرداری خواوەندی سەرەکی لە لیستی خواوەندەکانی ئورارتییەکان بووە بە ناوی TeiŞeba. لەوەش گرنگتر نازناوی جەنگاوەری پێ دەدرێت، بۆ ئەوەی دان بە گەورەییدا بنرێت. نووسینی تەیشەبە بە ئایدیۆگرامی ئەداد. بە ڕوونی نیشان دەدات کە کارەکتەری جەنگاوەری لەگەڵ زریان و کەشوهەوای خراپ هەیە (Piotrovskii 1966: 43).

هەندێ بۆچوون سەبارەت بە بنەچەی خالدی هەیە، هەروەها ئەو بیرۆکەیانەی کە ئاماژە بە ئەردینی، یان ئێران بە شێوەیەکی گشتیتر دەکەن، وەک سەرچاوەی خالدی پێشنیاز کراون(MelikiŞvili 1948: 37).

بەم پێیە دەبێت ئەو ناوچەیەی کە خالدی تێدا سەریهەڵداوە لە دەوروبەری موساسیردا بگەڕێین، کە ڕەنگە لە ناوچەی پارێزراوی نێوان ئورارتو و ئاشووردا بێت(Dinçol 1994: 9).

بە پێی ئەم بۆچوونە، ئاردینی/موساسیر ڕاستەوخۆ لە دەرەوەی بواری ئورارتودایە و هاوتەریب لەگەڵ ئەمەشدا، خالدی لە بنەڕەتدا لە چوارچێوەی پانتێۆنی ئورارتیدا نەبووە. بیرۆکەیەکی لەم جۆرە وشەی «خالدی»یە، کە لە سەردەمی ئاشووری ناوەڕاستەوە ناسراوە. ئەو بۆچوونە دەگرێتە بەر کە ئەو ناوانەی ناوەکەیان تێدایە ئاماژەن

بـۆ بوونـی کولتوورێـک کـە لـە موساسـیرەوە تـا میسـۆپۆتامیای سـەرەوە بـڵاو بووەتـەوە(Salvini 2006: 48). جگـە لـەوەش باگبەرتـووی هاوسـەری خالدیـش لـە موساسـیر دەپەرسـترێت و بەرەچەڵـەک ئێرانییـە(MelikiŞvili 1948: 40-41).

لـە ڕاسـتیدا، لـە نووسراوەکانـی سـارگۆنی دووەمـدا باگبارتـوو وەک خواوەنـدی شـاری موساسـیر نیشـان دراوە نـەک خواوەندێکـی ئۆرارتـی. لـە نووسراوەکانـی (ڕوسـای یەکـەم714/735 پ.ز)، هاوچەرخـی سـەرگۆنی دووەم، شـاری ئەردینـی تەنهـا لەگـەڵ خواوەنـدی خالـدی بـاس کـراوە، نـاوی هاوسـەرەکەی نەهاتـووە. وەک دەردەکەوێـت ئاشـوورییەکان زانیارییـان هەبـوو بێـت کـە باگبەرتـوو وە سـەرکردەیەکی سـەربازی حوکمڕانـی موساسـیری کـردووە، دەسـت دەکات بـە دەربڕینـی و ئاخاوتەکانـی خـۆی وەک خواوەنـد لـە پێگـەی ژنەکەیدا(MelikiŞvili 1948: 39).بـەڵام بـە گوێـرەی هەنـدێ لێکۆڵـەر بێـت هاوسـەرگیرییەکە وەک بەرهەمـی تێکەڵبوونـی توخمـە ئێرانییـەکان و ئۆرارتییـەکان لـە ناوچـەی موساسـیردا ئەنجـام درابێـت، لـەم حاڵەتـەدا پێدەچێـت بیروبـاوەڕ و دابونەریتـی ئایینـی ناوچەکـە دژ بەیـەک نەبووبێـت و تەنانـەت لەژێـر دەسـەڵاتی ئۆرارتـۆدا هەوڵـی پاراسـتنیان درابێـت.

بـەم جـۆرە ئـەو پەیوەندییانـەی لەگـەڵ ئێـران کـە لـە ئیشـپوینی و مینـوای جێنشـینی لـە سـەردەمی شانشـینی هاوبەشـیاندا دەسـتی پـێ کـرد، لـە چوارچێـوەی پیـرۆزی شـاری ئەردینـی و بەرژەوەنـدی سیاسـیدا، کـە هەندێـک لـە نووسـەرانی دیکـەش باسـیان کـردووە. دەتوانرێـت هەڵسـەنگاندنی بـۆ بکرێـت. لـەم قۆناغـە سـەرەتاییەی مەملەکەتـدا، کەلێنێکـی گـەورەی ئایینـی و سیاسـیدا کـرا بـە دامەزراندنـی خالـدی کـە ئەرکـی پیـرۆزی شـاری ئەردینـی تـەواو کـرد و تێکەڵکردنـی لەگـەڵ وەك ناوەندێـک بـۆ سـەردانی کـردن، لـەم بارودۆخـەدا کولتـووری خالـدی کـە چارەنووسـی سیاسـی و ئایینـی شانشـینی دیـاری دەکـرد، جێگەیەکـی زۆر گرنگـی هەبـووە.

**٢،٣ دۆڵی دووڕووبار (میسۆپۆتامیا)**

سـەبارەت بـە ڕادەی کاریگەربوونـی بیروبـاوەڕی خەڵکـی میسـۆپۆتامیا لەسـەر ئورارتییـەکان، دەتوانیـن لـە ئاسـتێکی بـەرز هەڵسـانگاندنی بـۆ بکەیـن، نـەك هـەر بـە تەنهـا لـە ژێـر گاریگەریـی خەڵکـی میسـۆپۆتامیادا بـوون، بەڵکـو بـە بـڕوای گوسـتاف لۆبـۆن کـە نەتـەوە سـامییەکان سـەرچاوەی داهێنـان و گەشەسـەندنی خواوەنـدەکان بوونـە لـە ڕۆژ هەڵاتـی نزیـك خواوەندەکانیـان لـە ئامێـزی سروشـتەوە و لـە قووڵایـی ئاسـمان دەرهێنـاوە و وێنـە و فۆڕمیـان پـێ بەخشـیووە، نەتـەوە ئارییـەکان خاوەنـی هیـچ داهێنانێکـی ئایینـی نەبـوون!؟ (لۆبـون 2020: 142-141)، بـەڵام هەبوونـی خواوەندەکانی تشیوب، خیڤا، هیپا، ئاهورا و خواوەندەکانی تـر لـە نـاو خێڵـی هینـدۆ ئەورووپییـەکان بۆچوونـی لۆبـۆن لاواز دەکات، هەرچۆنێـك بێـت دروسـتکردنی شارسـتانیەت کاری تەنهـا یـەك میللـەت نییـە، بەڵکـو ئەرکـی هەمـوو میللەتانـە.

هەنـدێ خواوەنـدی شانشـینی ئورارتییـەکان چ لـە ڕێـگای سـیفەت یـان شـکڵ و شـێوەوە، یاخـود بـە هـەر دوو فۆرمەکـە لـە ئاشـوورییەکانیان وەرگرتـووە، لەوانـە تەیشـەبا لەبـەر ئـەوە ناسـنامەی جەنـگاوەری خواوەندەکانـی میسـۆپۆتامیا ئێنلیـل و ئـاداد هەوڵـی گواسـتنەوەی بـۆ تەیشـەبا لـە ئورارتـو دراوە(Kendall 1977: 43.).

خواوەندێکـی دیکـەی نـوێ کـە لـە دوای نـووسراوی دەرگای میهـر بـۆ لیسـتی خواوەندەکانـی ئورارتـو زیـاد کـراوە، ئاشـوور یاخـود ئاسـۆر(وێنەی ژمـارە 11)، خواوەنـدی سـەرەکیی دەوڵەتـی ئاشـوورییە،هەروەها خواوەنـدی شـاری ئاشـوورییە قـەڵای شـەرگات کـە هەمـان نـاوی ئـەوی هەیـە.

ئـەو خواوەنـدەی کـە بەهاکـەی زیـاد بـوو لەگـەڵ بەهێزبوونـی دەوڵەتـی ئاشـوور، جێگـەی ئەنلیل و مەردۆخـی گرتـەوە لـە لیسـتی خواوەندەکانـی ئاشـوورییەکان. پاشـاکانی ئاشـوور دەسـەڵاتی خۆیـان لـە کاهینـی خواوەنـدی ئاشـوور وەرگرتبـوو(Roaf 1996: 148; Black-Green 2003: 42).

لـە سـەردەمی سـەنحاریبی جێنشـینی (سـارگۆن ٦٨١/٧٠٤ پ.ز)، هەوڵێکـی فەرمـی هەبـوو بـۆ بەسـتنەوەی ئەفسـانەی خواوەنـدی ئاشـوور بـە خواوەنـدی نەتـەوەی بابلـی مـەردۆخ، هەروەهـا ڕێوڕەسـمەکانی سـەری سـاڵی بابلـی (ئەکیتـۆ). هـەوڵ دراوە. ئەوەنـدە ئاشـکرایە کـە ئـەم هەوڵـە لاسـاییکردنە کـە نـە شـوێن و نـە کاتـی ئـەم جەژنـە لـە

ئاشـووردا بـە تـەواوی ڕوون نییـە. ئاهەنگەکـە کـە دەبـوو لـە مانگـی نیسـاندا بەڕێوەبچێـت، جارێـک لـە مانگـی ئـاب یـان ئەیلولـدا بەڕێوەچـووە، جارێکیـش لـە مانگـی ئـازاردا، بەپێـی هەندێـک تۆمـار(Grayson 1993: 224).

لـە هەندێـک نـووسراوی ئـەم سـەردەمەدا دەبینرێـت کـە ئاشـوور جێگـەی خواوەنـدی مەردۆخـی گرتـەوە(Grayson 1993: 224).هـۆکاری ڕاستەقینەی پشـت ئەمـە بـە ڕوونـی ململانێـی سیاسـی و سـەربازیی نێـوان وڵاتـان ئاشـووری و بابـل بـووە (Black – Green 2003: 40–42).

تەنانــەت نیشــانەکانی خواوەنــدی ئاشــووریش لــە خواوەندەکانـی بابلــەوە گوێزراونەتــەوە. ئەژدیهــای مــار، ئاژەڵـی ئاشــوور، لــە مەردۆخــەوە بــە میــرات گیــراوە. لــە کۆکردنــەوەی ئایکۆنــی خواوەندەکانــدا، خواوەنــدی ئاشـوور بـە شـێوەیەکی بەرچـاو دیـارە، کـە بـەو سەرپۆشـە قۆچـدارەی کـە لــە ئانــو و ئێنلیلــەوە بــۆی ماوەتــەوە، نوێنەرایەتـی دەکرێـت.

لـە سـەردەمێکدا کـە داتـای نـووسراوی شانشـینی ئورارتـو کـەم دەبـووە، نووسراوێکـی سـەر بـە ئێریمێنـای کـوڕی ڕوسـا دۆزرایــەوە((Salvini 2002: 115. لــەم بابەتــەدا نــووسراو، کاتێـک ئـاوی دەریاچەکـە بەرزبـووەوە، کام خواوەنـد چەنـدە بـاس لـەوە کـراوە کـە قوربانییەکـە دەکرێتـە قوربانـی. ئـەو خواوەندانـەی کـە نـاوی نـووسراوەوە دەکرێنـە قوربانـی؛ خالـدی، خواوەنــدی زریــان، خــودای خــۆر، ئاروبانــی، ئەنیقوگـی، ئەسـور، نالاینـی، کوێـرا، ئـورا.

تـەواو جێـگای سـەرنجە کـە خواوەنـدی ئەسـور کـە داوای بـۆ کـراوە مەڕێکـی قەڵـەوی بـۆ سـەرببڕێت، لـەم نـووسراوەدا هاتـووە. ڕەنگـە بـەس نەبێـت کـە بوونـی خواوەنـدی سـەرەکیی دەوڵەتـی ئاشـووری کـە لـە سـەرەتای دامەزراندنیـەوە گەورەتریـن دوژمـن و ڕکابـەری شانشـینی ئۆرارتـی بـووە، لـە لیسـتی خواوەندەکانـی ئۆرارتیـدا، بـە کارلێکـی کولتـووری ڕوون بکەینـەوە.

بـەڵام لـە نووسراوەکانـی ئورارتـودا لـە سـەردەمی ئەرگیشـتی کـوڕی روسـا دەڵێـت: ژن، پیـاو، ئاژەڵـم لـە وڵاتانـی لولـو (دوژمـن، بەربـەری) ئاشـوور، تارگونـی، ئیتیونـی، تابلانـی، قەینـارو، هاتـی، موشـکی، شـیلوقونی هێنــاوە (Çilingiroğlu-Salvini 2001: 20, Salvini 2001a: 261). دانیشـتووانی هەرچەنـدە لـە سـەردەمی ڕوسـای دووەم لــە ئایانــی و دەوروبــەری ژیــاون. دەکرێــت لێکدانــەوەی ئـەوەی بۆبکرێـت کـە خواوەندەکانـی ئـەم گەلـە ئاشـوورییانە کـە لـە سـەردەمی ڕووسـای دووەم هێنراونەتـە سـەر زەوییـە سـەرەکییەکانی ئۆرارتـۆ، ڕەنگـە لـە لیسـتی خواوەندەکانـی ئۆرارتییەکانـدا جێگیـر بووبێـت.

زۆرێــک لــەو خواوەندانــەی کــە لیســتی خواوەندەکانــی هیتییەکانیــان پێــک هێنــا، کــە پێــش شانشــینی ئۆرارتــی ڕێکخراوێکـی دەوڵەتـی بەهێزیـان لـە ئەنـادۆڵ دامەزرانـد، لـە خواوەندەکانـی بەڕەچەڵـەک بیانـی پێـک هاتبـوون، کـە لـە ئایینەکانـی میللەتەکانـی تـرەوە وەرگیـراون(Ünal 2003: 75-76).



وێنەی ژمارە ١١: خواوەند ئاسور.(Oates 2004: Resim 121)

مــەردۆخ وەک لــە نووسراوەکــەدا دەردەکەوێــت، جگــە لـەوەی لـە سـەرەتای سـاڵانی مێـژووی ئۆرارتیـدا بیـنراوە، زۆر پێشـتریش لـە بیروبـاوەڕی هیتییەکانـدا بـە شـێوەیەکی بەرفـراوان بـەکار هێـنراوە.

پێگـەی مـەردۆخ لـە لیسـتی خواوەندەکانـی ئۆرارتیـدا کـە بـۆ یەکەمجـار و دواجـار لـە یـەک نـووسراودا لـە سـەردەمی ڕووسـای دووەم نـاوی دەهێنرێـت(UKN II: 450). هەرچەنـدە مــەردۆخ خواوەنــدی ســەرەکیی بابلــە (وێنــەی ژمــارە ١٢)

(Kırschbaum 2004: 141)، بە بەراورد بە خواوەندەکانی تری ناو لیستی خواوەندەکانی لە پێشەنگدا ناسراوە (Roaf 1996: 82). مەردۆخ هاوتەریب لەگەڵ سەرهەڵدانی شار-دەوڵەتی بابل بەهێزتر بوو، کە هێماکەی ئاژەڵی مار-ئەژدیهایە، لە سەدەی ١٤ پ. ز. لەلای ئاشووردا سەری هەڵداوە(Black-Green 2003: 146-147).

ناوی خواوەند مەردۆخ کە لە لایەن ئاشوورەوە بەرەکەتی پێ دراوە، لە زۆر نووسراوادا دەبینرێت. ئەم خواوەندە، لە نووسینێکی جێماوی (تیگلات-پیلەسەری یەکەم1116 /1090 پ.ز( دا هاتووە: «تیرێک و قوربانی پاکم پێشکەش بە خواوەندی مەردۆخ کرد»(LAR I: 775). لە تۆمارەکانی سەرگۆن لە هەڵمەتی هەشتەمدا هاتووە، «ئورزانای موساسیر کە بە پێچەوانەی سوێندەکەی بۆ ئاشوور و مەردوخ گوناهی کرد»(LAR II: 22).

لە نووسراوێکی دیکەدا کە سەر بە سەرگۆنی، پاشای ئاشووردا هاتووە ـ''من سەرجۆنم، پارێزەری دادپەروەری، ئەو پیاوە خۆبەزلزانەی کە گوناهم لە دژی ئاشوور و شەماش نەکردووە، کە بەردەوام و مەردۆخم دەپەرست....ـ'' (LAR II: 156)، باس دەکرێن. جگە لەو نووسراوانەی کە لە سەرەوە هاتووە، ناوی خودای مەردۆخ لە زۆرێک لە دەقە ئاشوورییەکاندا هاتووە.

ئەو نووسراوەی, کە لە پەرستگای کەرمیر-بلۆر[2] دۆزراوەتەوە تێدا هاتووە، ـ''روسای کوڕی ئەرگیشتی دەڵێت: هەرکەسێک ئەم نووسراوەیە لەناو ببات، هەرکەسێک تاوانێک بکات، هەرکەسێک بیشارێتەوە، هەرکەسێک هانی کەسێکی تر بدات، هەرکەسێک بڵێ من کردوومە، هەرکەسێک لێی لاببات لەم شوێنە، با خالدی، خودا تەیشەبا، خودا شیوینی و خودا مەردۆخ لەناوی ببەن...ـ'' (UKN II: 450). نووسراوەکە لە ڕاستیدا وەک کۆتایی نووسینی ئورارتو، بە بەشی نەفرەتی خودا خالدی و تەیشەبا و شیوینی کۆتایی هاتووە.

بەڵام دەبینرێت لە تەنیشت ئەم سێ خواوەندە کە ئێمە لە نووسراوەکانی ئورارتییەوە بەرچاومان دەکەوێت، خودای چوارەم بە ناوی مەردۆخیش زیاد کراوە. باسکردنی ناوی مەردۆخ لە پانتیۆنی ئورارتوی دووەمدا. دەتوانرێت وەک ڕەنگدانەوەی ئەو پەیوەندییە گەرمانەی کە لەگەڵ ئاشووردا پەرەی سەندووە لە سەردەمی ڕووسادا هەژمار بکرێت (Çilingiroğlu-Salvini 2001: 20).

بەڵام پاشا ڕوسای دووەم خەڵکی لە ئاشوورەوە هێناوەتە سەر خاکەکانی ئورارتو (Kırschbaum 2004: 138). ڕەنگدانەوەی ناوی مەردۆخ لەسەر نووسراوەکان دەتوانرێت پەیوەست بکرێت بە گەلی ئاشووریشەوە کە لە خاکەکانی ئورارتو دەستیان بە ژیان کردووە.



وێنەی ژمارە ١٢:خواوەند مەردۆخ

(Oates 2004: Resim 121)

٢. ' کەرمیر بلور دەکەوێتە سەر لێوارەکانی باشووری ڕۆژئاوای گردێکی بەردین، لە باشووری ڕۆژئاوای یەریڤان، پایتەختی ئەرمینیا. بەپێی ئەو نووسراوانەی کە دۆزراونەتەوە، دیاری کراوە کە ناوی کۆنی قەڵاکە ‹تەیشەبەینی› بووە و ئەم ناوە لە تەیشەبا، خواوەندی دووەمی ئورارتییەکانەوە هاتووە. وشەی ‹کەرمیر کاڵ› بە واتای ‹گردی سوور› دێت. قەڵاکە ناوی ‹کەرمیر بلور›ە، چونکە ڕەنگی قەڵاکە سوورە.

GHADİM, İravani (2015). Anadolu'da Urartu Savaş Aletleri Bezeme Sanatı, İstanbul Üniversitesi Sosyal Bilimler Enstitüsü Arkeoloji Anabilim Dalı Protohistorya ve Önasya Arkeolojisi Bilim..

**٢،٤ هیتییەکان**

لە بارەی شانشینی هیتییەکان و بیروباوەڕیان هەزاران تابلۆی هەڵگری نووسینی میخی دۆزراونەتەوە، بەڵام لای ئورارتییەکان ژمارەی ئەم جۆر تابلۆیانە تا ئێستا تەنیا (پانزدە) دانە دۆزراونەتەوە، کە زانیاریی سەبارەت بە ئایینی ئورارتو لەو نووسینە مێخییانە هەن، هەرچەندە سەرچاوەی زۆر سنووردارن بەشێوەیەکی گشتی ژمارەیان دەگات بە (300) دانە. کە زیاتر هەڵگری زانیارین سەبارەت بە چالاکییە سەربازییەکانی پادشاکانی ئورارتۆ، وەك کاروباری ئاوەدانکردنەوە و دانانی دامەزراوە ئایینییەکان. ئەو زانیارییانەی لە نووسینە میخییەکاندا سەبارەت بە میتۆلۆجیا، ڕێوڕەسمە ئایینییەکان، دادوەری، کۆمەڵگا، زانیارییە سنوورداره‌کانی ئەم جۆرە بوارانە بەپێی وێنە هەڵکۆڵراوەکان و ئەو جۆر پەیکەرانە تەواو دەکرێت کە پیشاندەرەوەی بابەتە ئایینییەکانن(Sevin 2003,200).

پاشاکانی ئورارتو هێڵێکی بەرگریان بۆ ئەگەری هەڕەشەیەکی لە دەرەوە دەکێشا بەو ناوەندانەی کە هەڵیدەبژێرێت لەکاتی ڕێکخستنی گەشتەکاندا. هاوکات لەگەڵ ئەم سەفەرانەدا جووڵەی ڕووداوە گەردوونییەکان دووبارە دەکاتەوە و بە شێوەیەکی ڕەمزی پێشوازی لە لەدایکبوونی وەرزی نوێ دەکات. بەم شێوەیە کارایی لە وڵاتدا بەدەست دێت (Ardzinba 2010: 126).

لە ئەنجامی ئەو هەڵمەتەی، کە ئارگیشتی یەکەم(785–753) پ.ز، بۆ ناوچەی خۆرئاوای شانشینەکەی،هەزاران کەسی گواستەوە بە سیاسەتی گواستنەوەی دانیشتووانی بەکۆمەڵ ئەم بەشەی نووسراوەکە باس لەوە ناکات کە ئەو کەسانە بۆ کوێ بردراون، بەڵام ساڵی دواتر بۆ گەشتێکی دیکە بردراون.

بە پێدانی زانیاری لەسەر ئەو ناوچەیەی کە خەڵکەکەی تێدا نیشتەجێ بووە لە دەقێکی تردا هاتووە :

"... بە فەرمانی خواوەند خالدی، مێنوا کوڕی ئەرگیشتی دەڵێت: من شاری ئیرپونیم دامەزراند بۆ بەهێزکردنی خاکی بیانلی (و) سەرکوتکردنی وڵاتی دوژمن. زەوییەکە لەوێ چۆڵ بوو، هیچ نەکرابوو. لەوێ کاری گەورەم کرد. من ٦٦٠٠ جەنگاوەری هاتی (و) شوپانی م لەوێ نیشتەجێ کردووە". (UKN I: 127).

خواوەندێکی بەرەچەڵەك هیتیی و، کە لە ئەنجامی سیاسەتەکانی گواستنەوەی دانیشتووانی بەکۆمەڵ کە لە لایەن ئۆرارتیەکانەوە جێبەجێ کراوە و لە لیستی خواوەندەکان هاتووە، ئیڤارشایە. هەروەها دەتوانرێت لە نووسراوەکانی ئورارتییەوە ئەو پرۆسەی مێژووییەی کە بنەمای دروستکردنی پەرستگایەک لەل ایەن ئارگیشتی یەکەمەوە بە ناوی خودای ئیڤارشایە، پەیڕەو کراوە. لە تۆمارەکانی ئەو گەشتەی کە لە ساڵی ٤ی ئەرگیشتی یەکەمدا بۆ ناوچەکانی خۆرئاوا ڕێکی خستووە (Köroğlu 1996: 79).

"........ بە گەورەیی خواوەندی خالدی، چوومە هەڵمەتێک دژی هاتی من، وڵاتی تواتێهێ لە بەرزییەکەی و دەوروبەری خاکەکەی، شاری مێلیتیا لە باشوور، بە من بەخشی، تا حەوزی ڕووباری مێلیانی پێشڕەویم کرد بۆ شاری پیتێرا، خاکی مەرموانی (و) خاکی قا[ ](؟). ژن و پیاوم برد. قەڵاکانم وێران کرد، شارەکانم سووتاند. من ٢٥٣٩ هەرزەکارم برد، ٨٦٩٨ پیاوی زیندوو (و) ١٨،٠٤٧ ژن، کۆی گشتی ٢٩،٢٨٤ کەس بۆ ئەو ساڵە. هەندێکیانم کوشت، و هەندێکیان بە زیندووی برد....ئەسپ، ١٧،٩٦٢ ئاژەڵ (و)... مەڕ و بزن.........." (UKN I: 127).

بیروباوەڕی ئایینیی دانیشتووانی هاتی یا سوپانلی کە وەک دەستکەوتی جەنگ وەرگیرابوون، بۆ دروستکردنی پەرستگا بۆ خواوەندەکانیان لە لایەن دەسەڵاتەوە پارێزراو بوون پاڵپشتی دەکران لە شانشینی ئۆرارتو، بە ئازادی و ئارامی ڕێوڕەسمە ئایینییەکانی خۆیان جێبەجێ دەکرد، هاوکات لە ڕووی نەرێتەکانیشەوە سەردانەکانی پاشاکان لە جەژنی هیتییەکاندا کە پێی دەوترا Itenerarium بایەخی تایبەتی خۆی هەبووە بەرنامەی گشتی و ڕێڕەوی جەژنەکان دیاری کراوە. زانراوە کە گەشتەکان لەکاتی فێستیڤاڵی "ئەنتاشوم"، کە فێستیڤاڵی بەهاری نیشتمانی هیتییەکان بووە، لە حەتوشای پایتەختەوە دەستی پێ کردووە. پادشا زستانی بەسەر هاتووە. و کاتێکیش باس لە بەهار کراوە، چۆتە ئەو شارانەی بە پیرۆز دانراون و

لەوێـش لـە پەرسـتگای خواوەندەکانـدا ڕێوڕەسـمەکان بەڕێـوە چـوون (Güterbock 1960: 80-89; Gurney 2001: 124-133).

بــە هەمــان شــێوە فێســتیڤاڵی پاییــزی " (نونتاریەشــا) ڕێوڕەســمێکی وەرزییــە و کــە ســەردانی پاشــا و شــاژنی لەخـۆ گرتـووە (Ardzinba 2010: 27-30)، ئەمجارەیـان ئـەو ڕێوڕەســمە کــە لــە شــاری کاتاپــاوە دەســتی پــێ کــردووە نــەک لــە حەتوشــا، لــە هاتوشــا کۆتایــی هاتــووە. پاشــاش لــەوێ نیشــتەجێیە بــووە. وا بیــر دەکرێتــەوە کــە ئــەم ســەفەرانە بــە زمانــی هیتــی ڕەمــزی بــوون و پێشــتر هەمــوو وڵاتــی گرتــەوە. بەهــۆی ئــەو ســنوورەی، کــە پاشــا لەگــەڵ ئــەو شــارانەی ســەردانی کــردووە، ئــەو خاکــەی کــە باســی لێـوە دەکرێـت سـیمایەکی پیـرۆز بەدەسـت دەهێنێـت و وەک وێناکردنــی ڕێوڕەســمی گــەردوون (Ardzinba 2010: 33).

**٣. .دەرئەنجام**

لەم توێژینەوە بە چەند ئەنجامێك گەیشتن:

١. ئورارتییــەکان خاوەنــی ئایینێکــی فرەخواوەنــد بــوون، چەندیــن خواوەنــدی جۆرارجۆریــان پەرســتووە، وەك میللەتانــی تــری ناوچەکــە، پەیکــەر و پەرســتگایان بــۆ ســاز کــردوون.

٢. یەکێــك لــە ســەرچاوە ســەرەکییەکانی ئایینــی ئــەم شانشــینە دەرگای میهــرە، کــە لــە قــەد پاڵــی چیایــەك لــە نزیــك شــاری وانــی ئەمــڕۆ داتــاشراوەو، کــە زانیــاری لەبــارەی ســەرجەم خواوەنــدەکان داوە کــە ژمارەیــان ٧٩ خواوەنــدە لەگــەڵ ژمــارەی ئــەم قوربانینانــەی کــە پێشــکەش بــە خواوەنــدەکان کــراون.

٣. ســەردەمی فروانخوازیــی هــەردوو پاشــا (ئیشــپۆنی و مینــوای کــوڕی) و ڕاگەیاندنــی فیدراســۆنی هــۆزەکان و کۆکردنەوەیــان لــە ژێــر ســایەی یــەك شانشــین، بــووە هــۆکاری ئــەوەی کــە ئورارتییــەکان ســوود لــە بــواری ئایینــی میللەتانــی تــری ناوچەکــە ببینــن، ئاشــنایەتی لەگــەڵ هەنــدێ خواوەندەکانــی میللەتانــی تــر لەگــەڵ وەرگرتنــی ئەزموونــی و شــێوازی دروســتکردنی پەرســتگا بگوێزنــەوە بــۆ ئــەو ناوچانــەی کــە حوکمڕانیــان تێــدا کــردووە.

٤. خورییــەکان کاریگەریــی قووڵیــان لەســەر ئورارتییــەکان بــە جــێ هێشــتووە، چەندیــن خواوەنــدی ســەرەکیی ئــەم شانیشــنە ڕەگەکــەی بــۆ ئەمــان دەگەڕێتــەوە، لەوانــە خواوەندەکانــی وەك تەیشــەبا، هوبــا، شــیوینی. ئەمــەش وەك هەنــدێ لــە لێکۆڵــەران ئامــاژەی بــۆ دەکــەن کــە هــەردوو گەلــی خــوری و ئورارتــو خاوەنــی یــەك کولتــووری هاوبەشــن، لــە چەندیــن بــواردا گەلــی ئورارتــو درێژکــراوەی خورییەکانــن.

٥. کاریگەریــی ئێرانییــەکان لەســەر ئورارتییــەکان دوای دەســت بەســەرداگرتنی دەشــتی موراددییــە دەردەکەوێــت، بەمــەش سیاســەتی ڕاگواســتن خەڵکــی ئــەم ناوچانــە بەتــەواوی بەســەر ناوچەکــە زاڵبــوو، چ لــە ڕووی خواوەنــدەکان یــا پەرســتگاکان، کــە هەنــدێ خواوەنــدی گرینگــی ئوراتــوو ڕەگەکەیــان بــۆ وڵاتــی ئێــران دەگەڕێتــەوە، لەوانــە خواوەنــدی ســەرەکیی خالــدی نالەینــی، ئــوا، ئیرموســنی. لــە ڕووی پەرســتگای بیناســازی شــاری ئەردینــی و بونیادنانــی پەرســتگای موساســیر باشــترین نموونەیــە.

٦. خاکــی میسـۆپۆتامیا بــە هــۆی دێرینــی و پێشــکەوتنی لــە بــواری ئایینــی وای کــرد ئورارتییــەکان نــەك هــەر بەتەنهــا بیرۆکــەی خواوەندەکانیــان لەســەر ئــەو بنچینەیــە داڕێــژن، بەڵکــو دوو خواوەنــدی ســەرەکیی ئاشــوری و بابلییەکانیــان بەتــەواوی بــۆ شانشــینەکە گواســتەوە، ئەوانیـش مـەردۆخ و ئاشـوورە، تـا ڕووخانـی شانشـینەکە ئــەم دوو خواوەنــدەی میســۆپۆتامیا لای گەلــی ئورارتــو پێــرۆزی خۆیــان هەبــوو.

٧. هیتییــەکان بــە هــۆی ئەوەیــی مێژووییەکــی قووڵیــان لــە ناوچــەی ئەنادۆڵــدا هەبــووە، جێپەنجەیــان بەڕوونــی دیــارە، دوای هەڵمەتــی ئارگشــتی بــۆ ســەرخاکی هاتــی و داگیرکردنــی خاکاکــەی ئــەوێ بــە دێلگرتنــی هــەزاران کــەس و ڕاگواســتنەوەیان بــۆ نــاو وڵات، ئورارتییــەکان بەتــەواوی لــە ڕووی بیربــاوەڕی ئایینــی ســوودیان لــە کارســازی و وەســتای ئــەم خەڵکــەی ئــەوێ وەرگــرت، پاشــاکانی ئورارتــو هاوشــێوەی پاشــاکانی هیتییــەکان لــە

وەرزەکانی ساڵدا چەندین مەراسیم و ڕێوڕەسمیان بۆ خواوەندەکان ساز کردووە.

## سەرچاوەکان


1. Akurgal 2000 E. Akurgal, Anadolu Kültür Tarihi, Ankara, 2000.
2. Ardzinba V. 2010 Eskiçağ Anadolu Ayinleri ve Mitleri, Ankara.
3. BaŞtürk 2003 M.B. BaŞtürk, Urartu'nun Etnik Kökeninin Dil ve Din Açısından İncelenmesi, Ege Üniversitesi Edebiyat Fakültesi Arkeoloji Bölümü, Protohistorya ve Önasya Arkeolojisi A.B.D., YayınlanmamıŞ Lisans Tezi, İzmir, 2003.
4. Batmaz A.2009 "Urartu Anıtsal Kaya NiŞlerinin Olası Kaynakları", Altan Çilingiroğlu'na Armağan: Yukarı Denizin Kıyısında Urartu Krallığı'na AdanmıŞ Bir Hayat, (ed.H. Sağlamtimur, E. Abay, Z.Derin, A.Ü. Erdem, A. Batmaz, F. Dedeoğlu, M. Erdalkıran, M.B. BaŞtürk, E. Konakçı), İstanbul, 151-161 .
5. Belli 1982 O. Belli, "Urartular", Anadolu Uygarlıkları Ansiklopedisi I, 1982, 237-247.
6. Belli O. 1998 Anzaf Kaleleri ve Urartu Tanrıları, İstanbul.
7. Benedict 1960 W.C. Benedict, "Urartians and Hurrians", Journal of the Bulletin of the Middle Eastern Culture in Japan, Essays on Ancient Ana American Oriental Society 80, 1960, 100–104.
8. Black – Green 2003 J. Black – A. Green, Mezopotamya Mitolojisi Sözlüğü – Tanrılar, İfritler, Semboller, İstanbul, 2003.
9. Burney – Lawson 1958 C.A. Burney – R. Lawson, "Urartian Reliefs at Adilcevaz on Lake Van and Rock Relief from the Karasu near Birecik", Anatolian Studies VIII, 1958, 211–218.
10. Çilingiroğlu 1994 A. Çilingiroğlu, Urartu Tarihi, İzmir, 1994.
11. Çilingiroğlu 1998 A. Çilingiroğlu, "Urartu'da Tapınma ve Tapınma Yerleri" Karatepe'deki IŞık / Light on Top of the Black Hill. Studies Presented to Halet Çambel, 1998,229-239.
12. Çilingiroğlu A.1997 Urartu Krallığı Tarihi ve Sanatı, İzmir.
13. Darmstadt: Wiss. Buchges, 1995. Enstitüsü-Haberler 14, 1-3.
14. Dinçol A.1994 "Cultural and Political Contacts Between Assyria and Urartu", Tell Aviv24, 6-21.
15. Dinçol A.2002 "Din ve Ritüel Kavramları Üzerine Bir SöyleŞi", Türk Eskiçağ Bilimleri.
16. Dyson R. 1960 "The Death of a City", Expedition 2/3, 2-11.
17. Dyson R. 1965 "Problems of Protohistoric Iran as Seen from Hasanlu", Journal of Near Eastern Studies 24/3, 193- 217.
18. Gurney O.R.2001 Hititler, Ankara.
19. Güterbock H.G.1960 "An Outline of the Hittite AN.TAḪ.ŠUM Festival", Journal of Near Eastern Studies 19/2, 80-89.
20. Kendall T.**1977** "Urartian Art in Boston: Two Bronze belts and a Mirror", Boston Museum Bulletin 75, 25-55.
21. Kirschbaum 2004 E.C. Kirscbaum, Asurlular (Tarih, Toplum, Kültür), İzmir.
22. Piotrovskii B.B. 1966 "Urartu Dini", Dil Tarih Coğrafya Fakültesi Dergisi 23 / 1–2, 1966, 37–52.
23. LAR II D.D. Luckenbill, Ancient Records of Assyria and Babylonia, II, Chicago, 1927.
24. MelikiŞvili G. A.**1948** "Musasir i vopros o drevneyŞem Oçage Urartskih Plemen", (MusaŞir ve Urartu Kabilelerinin En Eski Merkezi Sorunu Üzerine), (Rusça), Vestnik Drevney İstorii/2, 37-48.
25. MelikiŞvili, G. A., 1965, "Die Gotterpaartrias an der Spitze des
26. Oates 2004 J. Oates, Babil, Ankara, 2004.
27. Payne M.R. 2006 Urartu Çiviyazılı Belgeler Katalogu, İstanbul
28. Piotrovski, B. B., 1965, "Urartu Dini", Dil ve Tarih Coğrafya Fakültesi
29. Roaf 1996 M. Roaf, Mezopotamya ve Eski Yakındoğu, Atlaslı Uygarlıklar Ansiklopedisi 9, İstanbul, 1996.
30. Salvini 1994 M. Salvini, "The Historical Backround of Meherkapısı", Anatolian Iron Ages III, 1994, 205–207.
31. Salvini 1995 M. Salvini, Gesschichte und Kultur der Urartaer,
32. Salvini, M. 2006, Urartu Tarihi ve Kültürü, Arkeoloji ve Sanat Yayınları, İstanbul.
33. Sevin 2003 V. Sevin, Anadolu Arkeolojisi, İstanbul, 2003.
34. Taffet – Yakar 1998 J. Yakar – A. Taffet, "Politics and Religion on Urartu",
35. Tarhan 1978 M.T. Tarhan, M. Ö. 13. yüzyılda Uruatri ve Nairi Konfederasyonları, YayınlanmamıŞ Doçentlik Tezi, İstanbul, 1978.
36. Tarhan 1986 M.T. Tarhan, "Van Kalesi'nin ve Eski Van Şehri'nin Tarihi-Milli Park Projesi Üzerine Ön ÇalıŞmalar 1": Anıt Yapılar", 3. AraŞtırma Sonuçları Toplantısı, 1986, 297–309.
37. Tarhan-Sevin 1975 M.T. Tarhan-V. Sevin, "Urartu Tapınak Kapılarıyla Anıtsal Kaya NiŞleri Arasındaki Bağıntı", Belleten 155, 1975,389-400.
38. UKN I-II1960 MelikiŞvili G.A., Urartskiye Klinoobraznyye Nadpisi I-II, Moskova.
39. Zimansky P. E.1985 The Structure of the Urartian State, Oriental Institute Press, Chicago.
40. گوستاف لوبۆن، شارستانیەتی بابل و ئاشوور، وەرگێرانی سەربەست جیهاد، ناوەندی ڕۆشنبیری ئاوێر ٢٠٢٠.

**ملخص**

يعـد ديـن دولـة أورارتـو دينـاً متعـدد الآلهـة ويضـم ٧٩ إلهـاً رئيسـياً. كان مملكـة اوراتـو عاصمتـان، إحداهـما سياسـية، هـي مدينـة فـان (توشـبا)، والأخـرى دينيـة، (موساسـير). تأثـرت ديانتهـم، كانـت العنـاصر المكونـة لدياناتهـم متكونـة مـن العوامـل الجغرافيـة والإنسـانية، كـما تأثـر ديـن أورارتـو بشـكل أسـاسي بعقائـد واديـان الممالـك المجـاورة، والبلـدان ذات التاريـخ الدينـي القديـم، بمـا في ذلـك الخوريـون والحثييـون واقـوام إيـران وبـلاد مـا بـين النهريـن. يمكـن ملاحظـة ذلـك التأثـير في تعـدد الآلهـة وبنـاء المعابـد والاحتفـالات الدينيـة، الخاصـة بمنطقـة ارارتـو.

تعـود جـذور العديـد مـن آلهـة المهمـة في منطقـة أورارتـو إلى شـعوب أخـرى في المنطقـة، بمـا في ذلـك الآلهـة الثلاثـة الرئيسـية (خالـدي وتشـابا وشـيويني)، بالإضافـة إلى آلهـة ثانويـة أخـرى مثـل (أوا، وهوبـا، ونالينـي، إلـخ).

كان لوجـود الآلهـة تأثـير خـاص في الدولـة الدولـة ومؤسسـاتها، فمـن الجديـر بالذكـر أن هنـاك بعـض الآلهـة غـير معروفـة أسـمائهم و بـدأت بآلهـة محليـة أو عنـاصر لم تكـن مقدسـة مـن قبـل، ولكـن بمـرور الوقـت اتخـذوا أشـكالًا تقليديـة. لذلـك، يمكـن أن يُنظـر إلى الديـن الأورارتـو عـلى أنـه «ظاهـرة حيـة» في عـصره و بالتـالي، يمكـن القـول أن الديانـة الأورارتيـة فيهـا عنـاصر تعكـس تطورهـا الثقـافي والتاريخـي. ومـع ذلـك، يمكـن ملاحظـة التجديـد والتغيـير والتكيّـف المسـتمر في ديانـة الاورارتيـين التطـور الحضـاري لمنطقـة الـشرق الادنى القديـم

**كلمات مفتاحية: اورارتو، معتقدات اورارتو، الديانه الشرقيه القديمة، الهة اورارتو، تاريخ الكرد القديم**

## Abstract

The religion of Urartu state was a polytheistic religion with 79 main gods. The Kingdom had two capitals, one political, the city of Van (Tuspa), and the other is the religious, city of Musasir. The geographical and human factors were in general the main elements that made up their religons. The religion of Urartu Empire was primarily influenced by the surrounding kingdoms, and countries with an ancient religions, including Khuris, Hittites, Iranian religions, and religions of Mesopotamia. This influence was reflected in the gods, temples and religious ceremonies in Urartu. Several important Urartu gods have their roots in other nations of the region, including the three main gods (Khaldi, Teshaba and Shiwini), in addition to other minor gods such as Owa, Huba, Nalaini, etc. While the presence of gods in the state sphere had its own position, it is noteworthy that there are some gods whose names are unknown and began with local gods or previously unsanctified elements, but over time they took on traditional forms. Therefore, Urartian religion can be perceived as a “living phenomenon” in its time. Thus, it can be said that the Urartian religion reflects its own cultural and historical development. However, in some cases it was witnessing constant renewal and changes.

**Key word:** Urartu, Urartu beliefs, Ancient Eastern religion, Urartu gods, History of Kurd